مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٩

# علم البيئة اللغوية والاستقرار الثقافي (اللغة الكردية كتراث بيئي)

**م. د. محەمەد مەجيد سەعيد**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة گرميان ، كلار، إقليم كردستان/العراق
muhammed.majeed@garmian.edu.krd
009647719688451

**م. د. دلشاد غالى سالح**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة گرميان ، كلار، إقليم كردستان/العراق
dlshad.ghali@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: علم اللغة البيئي، والاستقرار الثقافي، واللغة الكردية، والتنوع اللغوي، والتراث الثقافي.

**كيفية اقتباس البحث**

سەعيد , محەمەد مەجيد , دلشاد غالى سالح, علم البيئة اللغوية والاستقرار الثقافي (اللغة الكردية كتراث بيئي),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، أيلول ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٩ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# Linguistic ecology and cultural stability (Kurdish language as environmental heritage)

**D. Mohammed Majid Saeed**
**Department of Kurdish Language, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region/Iraq**
**muhammed.majeed@garmian.edu.krd**

**D. Dilshad Ghali Salih**
**Department of Kurdish Language, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region/Iraq**
**dlshad.ghali@garmian.edu.krd**

**Keywords** : Biological linguistics, cultural stability, Kurdish language, linguistic diversity, and cultural heritage.

**How To Cite This Article**
Saeed , Mohammed Majid , Dilshad Ghali Salih ,Linguistic ecology and cultural stability (Kurdish language as environmental heritage) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, September 2026,Volume:16,Issue 9.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This paper examines the complex relationship between language, culture and environment through the example of Kurdish. Using the theoretical framework of "language ecology" and "language stability" The study claims that the Kurdish language is not only a naked means of communication, but also a valuable environmental heritage and a rich

storehouse of 'Traditional Ecological Knowledge' or (TEK), which has emerged over thousands of years of Kurdish human interaction with the Zagros ecosystem .

The research consists of two main parts. The first part deals with the theoretical principles and the science of the current situation and explains how environmental science is encoded in the words and literature of nations; How political, social and technological factors threaten this ecosystem. In the second part, scientific strategies based on cultural stability to revive and strengthen the Kurdish language are presented, highlighting the measures and future perspectives .

This study emphasizes that the preservation of the Kurdish language is a necessary and important step to achieve stable and inclusive expansion; Preserving cultural identity and preserving the common heritage of humanity.

From this perspective, linguistic diversity and biodiversity are two sides of the same coin. This essential connection reflects the concept of biocultural diversity, which emphasizes that human science for environmental management has been formulated through language .

Therefore, in the same way that the loss of weeds and animals upsets the biological balance; The weakening of environmental dialects and phrases in any language (Kurdish) will interrupt the chain of transmission of local knowledge and create a dangerous knowledge gap.

ملخص:

تتناول هذه الورقة البحثية العلاقة المعقدة بين اللغة والثقافة والبيئة من خلال دراسة اللغة الكردية. وباستخدام الإطار النظري لـ"علم بيئة اللغة" و"استقرار اللغة"، تُبين الدراسة أن اللغة الكردية ليست مجرد وسيلة تواصل، بل هي أيضًا تراث بيئي قيّم ومستودع غني للمعرفة البيئية التقليدية (TEK)، التي نشأت على مر آلاف السنين من تفاعل الإنسان الكردي مع النظام البيئي لجبال زاغروس.

يتكون البحث من جزأين رئيسيين. يتناول الجزء الأول المبادئ النظرية والأسس العلمية للوضع الراهن، ويشرح كيفية تجسيد العلوم البيئية في كلمات وآداب الشعوب، وكيف تُهدد العوامل السياسية والاجتماعية والتكنولوجية هذا النظام البيئي. أما الجزء الثاني، فيُقدم استراتيجيات علمية قائمة على الاستقرار الثقافي لإحياء اللغة الكردية وتعزيزها، مع تسليط الضوء على التدابير والآفاق المستقبلية.

تؤكد هذه الدراسة أن الحفاظ على اللغة الكردية خطوة ضرورية وهامة لتحقيق توسع مستدام وشامل، والحفاظ على الهوية الثقافية، والحفاظ على التراث الإنساني المشترك.

من هذا المنظور، يُعدّ التنوع اللغوي والتنوع البيولوجي وجهين لعملة واحدة. ويعكس هذا الترابط الجوهري مفهوم التنوع البيولوجي والثقافي، الذي يؤكد أن العلوم الإنسانية لإدارة البيئة قد صيغت من خلال اللغة.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٩

لذا، فكما يُخلّ فقدان الأعشاب الضارة والحيوانات بالتوازن البيولوجي، فإن ضعف اللهجات والعبارات البيئية في أي لغة (كالكردية مثلاً) سيقطع سلسلة نقل المعرفة المحلية ويُحدث فجوة معرفية خطيرة.

## ئیکۆلۆژیای زمان و سەقامگیری کلتوری (زمانی کوردی وەک میراتێکی ژینگەیی)

**م. د. محەمەد مەجید سەعید**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان/ عێراق
muhammed.majeed@garmian.edu.krd
009647719688451

**م. د. دلشاد غالی سالّح**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان/ عێراق
dlshad.ghali@garmian.edu.krd
009647725240818

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی نێوان زمان، کلتور و ژینگە، لەڕێگەی نموونەی زمانی کوردییەوە، دەکۆڵێتەوە. بەسودوەرگرتن لە چوارچێوەی تیۆریی "ئیکۆلۆژیی زمان" و "سەقامگیریی زمان"دا. توێژینەوەکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زمانی کوردی تەنها ئامرازێکی ڕوتی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو میراتێکی ژینگەیی بەنرخ و کۆگایەکی دەوڵەمەندە لە 'زانیاریی ژینگەیی نەریتیی 'Traditional Ecological Knowledge یان (TEK)، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ مامەڵەی مرۆڤی کورد لەگەڵ ئیکۆسیستەمی زاگرۆسدا، پەیدابووە.
توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم بە بنەما تیۆرییەکان و زیانناسی(خەسارناسیی) باروودۆخی هەنوکەییەوە خەریکدەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە چۆن زانستی ژینگە لە دروستەی وشەکان و ئەدەبیاتی میللەتاندا بە کۆد(رمز) کراوە؛ چۆن فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیی، ئەم ئیکۆسیستەمە دەخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. لە بەشی دووەمیشدا، بەتیشکخستنەسەر ڕێکارەکان و ڕوانگەی ئایندە، ستراتیژە زانستییەکان لەسەر بنەمای سەقامگیری کلتوریی بۆ زیندوکردنەوە و بەهێزکردنی زمانی کوردی، خراونەتەڕوو، دواتریش هەر لەم بەشەدا پێویستی بوونی یەکپارچەیی سیاسەتەکانی پارێزگاریکردن لە ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی هەمەجۆری زمانی و جۆراوجۆری ژینگەیی، نیشاندراوە.
ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پاراستنی زمانی کوردی هەنگاوێکی پێویست و گرنگە بۆ دەستراگەیشتن بە فراوانبونی سەقامگیر و گشتگیر؛ پاراستنی شوناسی کلتوری و پارێزگاریکردن لە میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتی.

**کلیلە وشەکان:**
**ئیکۆ-زمانەوانی، سەقامگیری کلتوری، زمانی کوردی، هەمەجۆری زمانیی، میراتی کلتوری.**

### ١) پێشەکی و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

هەنوکە جیهانی هاوچەرخ ڕووبەڕووی دوو قەیرانی هاوتەریب بووەتەوە، کە بریتین لە قەیرانەکانی: لەدەستدانی هەمەجۆری ژینگەیی و قەیرانی لاوازبوون و لەنێوچوونی زمانەکان، لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی یونسکۆ (UNESCO, 2021)، کە نزیکەی نیوەی (٦٠٠٠) زمانی زیندووی دنیا، ڕوبەڕوی هەرەسی لەنێوچوون بوونەتەوە.

ئەم لاوازی و لەنێوچوونەی زمانەکان، بەتەنها واتای لەنێوچوونی ئامرازەکانی پەیوەندییکردن نییە، بەڵکو واتای فەوتانی جیهانبینی/دنیابینییەکان، کلتورەکان و سیستەمی زانیارییە تایبەتەکانیشە، کە هەر زمانێک لەم نێوەندەدا خاوەنێتی. ڕوانگەی "ئیکۆ-زمانەوانی" دەرچەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لەم قەیرانانە دەکاتەوە و ڕاماندەسپێرێت، تا بتوانین شانبەشانی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەریەکێکیان، ئەوی تریشان لەبەرچاوبگرین.

**١-١) ئیکۆ-زمانەوانی، چەمک و پێناسە:**

چەمکی ئیکۆ-زمانەوانی، بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی "ئینار هاوگن"(Haugen, 1972)ەوە خرایەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، بە شێوەیەکی داماڵراو و دابڕاو لە دەوروبەر، لە زمانی نەدەکۆڵییەوە، بەڵکو لە ژینگە و ئیکۆسیستەمەکەی خۆیدا پێناسەی دەکرد و لە "مامەڵەی نێوان هەر زمانێک و ژینگەکەی دەکۆڵییەوە (Haugen, 1972: 325). بەمشێوەیە، ژینگەی هەر زمانێک، بریتییە لە ئاخێوەرەکانی(دروستەی کۆمەڵگە) و ئەو پەیوەندییانەی زمانەکە لەگەڵ زمانانی تردا هەیەتی، لەهەمان پانتاییدا.

وەکو ئیکۆلۆژیستەکان، چۆن سەلامەتی و تەندروستیی ئیکۆسیستەمێکی سروشتی لەسەر بنەمای جۆراوجۆری چەشنەکانی هەڵدەسەنگێنن، ئیکۆ-زمانەوانەکانیش لەو باوەڕەدان، کە هەمەجۆری زمانی بۆ ئیکۆسیستەمی کلتوری و کۆمەڵایەتی مرۆڤ گرنگ و پێویستە(Muehlhauser, 2003)، چونکە بە لەدەستچوونی هەر زمانێک، کەلێنێک لە ئیکۆسیستەمەکەدا دروستدەبێت، کە لە قۆناغەکانی دواتر و بەپێی تێپەڕبوونی کات، دەکرێت ببێتە هۆکاری هەژاری کلتوری و کۆمەڵایەتی (Skutnabb-Kangas & Philipson, 2022).

ئەم دیدگایە، زمان لە دیاردەیەکی دەرهەستەیی و هزریی ڕوتەوە دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی زیندوو و چالاک، کە لە ژینگەکەی خۆیدا، هەمیشە لە باری کار و کاردانەوەی بەردەوامدایە.

سەلامەتیی زمانێک پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە، لەوانە: ژمارە و ڕێژەی ئاخێوەرانی، گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، پێگەی فەرمی و کۆمەڵایەتی و پێوەری سودوەرگرتن لە زمانەکە، لە بوارە جیاجیاکاندا.

بە دەربڕینێکی تر، تا ژمارە و ڕێژەی بەکارهێنەرانی زمانێک زیاتر بێت، گواستنەوەی بۆ نەوەی نوێ ئاسانتر و پێگەیەکی فەرمی بەرزی لەسەر ئاستی جیهاندا دەبێت و لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە پێگەیەکی قبوڵکراوی دەبێت. سەرەڕای ئەمانەیش سوودوەرگرتنی زۆر و بەردەوام لەم زمانە لە بوارە جیاجیاکاندا، وەها دەکات، کە زمانەکە بە پارێزراوی بمێنێتەوە و لەسەر پێیەکانی خۆی بەرامبەر هەر فاکتەرێکی ڕوخێنەر، بوەستێت.

لەم ڕوانگەیەوە، 'هەمەجۆری زمانیی Linguistic diversity و "جۆراوجۆریی ژینگەیی Biodiversity' دوو دیوی یەک دراون. ئەم گرێدانە جەوهەرییە ڕەنگدانەوەی چەمکی "جۆراوجۆریی زیندە-کلتوری Biocultural diversity"یە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە زانستی مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی ژینگە لەڕێگەی زمانەوە فۆرمەڵە بووە.

بۆیە بەهەمان ئەو شێوازەی لەدەستدانی گژوگیا و گیانلەبەران هاوسەنگیی بایۆلۆجی تێکدەدات؛ لاوازبوونی زار و دەستەواژە ژینگەییەکان لە هەر زمانێکدا(زمانی کوردی) دەبێتە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هۆی پچڕانی زنجیرەی گواستنەوەی مەعریفەی خۆجێیی و دروستبوونی بۆشاییەکی مەعریفی مەترسیدار.

**٢-١) سەقامگیریی کلتوری ، چەمک و پێناسە:**

لەوەوپێش هەموو گەشەکردنێکی سەقامگیر بەشێوەیەکی نەریتی لە سێ پایەی سەرەکیی پێکدەهات، کە بریتیبوون لە: ئابووری، کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی، بەڵام لەم چەند دەیەی کۆتاییدا "کلتور"یش وەکوو پایەی چوارەمی ئەم مۆدێلە بە فەرمی ناسرا **(Hawkes, 2001)**. "سەقامگیریی کلتوری" جەخت لەسەر پێویستیی پاراستن و بەهێزکردنی شوناس، بەهاکان، نەریتەکان و میراتی کلتوری کۆمەڵێک دەکاتەوە، وەکوو مەرجێکی پێویست بۆ دەستڕاگەیشتن بە گەشەسەندنی دادپەروەرانە و سەقامگیر.

لەم چوارچێوەیەدا زمان لە دڵی سەقامیگریی کلتوریدایە، بۆیە سەرەکیترین ئامرازە بۆ خستنەڕوو، گواستنەوە و ئەفراندنەوەی کلتور. زمان هەڵگری میراتێکی کلتوری مەعنەوی کۆمەڵگەیە، کە ئەدەبیاتی سەرزارەکی، میوزیک، ئایینەکان و زانیاریی خۆماڵیی دەگرێتەوە. بڕوانە:**(UNESCO, 2003)**. سەرەڕای ئەمانە، زمان پارێزەر و گوێزەرەوەی کلتورە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەرکاتێک زمانێک لە مەترسیدابێت، ئەوە کلتور و دابونەریت و شوناس و تەواوی نەتەوەی خاوەن زمان لە مەترسیدایە **(بڕوانە: مەجید و سەرحەد، ٢٠١٩)**. هەربۆیە، ئەو سیاسەتانەی، کە دەبنەهۆی لاوازبوون یان لەنێوچوونی زمانە خۆماڵی و کەمینەییەکان، ڕاستەوخۆ سەقامگیری کلتوری ئەو کۆمەڵە لاوازدەکات.

بەم ئاراستەیە پاراستنی زمانی کوردی، هەوڵێکە بۆ پاراستنی شوناسی کلتوری، یەکپارچەیی کۆمەڵایەتیی و یادگەی مێژویی مرۆڤی کورد و مەرجێکیشە بۆ گەشەکردنی سەقامگیریی لەو شوێنانەی کوردی لێدەژێت.

**٣-١) زمانی کوردی وەکو میراتێکی ژینگەیی:**

ئەم توێژینەوەیە بە تێکەڵکردنی هەردوو چەمکەکانی پێشووتر، کە باسکران، گەنگەشەی "زمانی کوردی وەک میراتێکی ژینگەیی" دەکات. ئەم زمانە بەرهەمی هەزاران ساڵ پێکەوەژیانی مرۆڤی کوردە لەگەڵ ئیکۆسیستەمی ئاڵۆز و هەمەجۆری کوێستانەکانی زاگرۆس و دەشتی ئەنادۆڵ، کە بوونەتە کۆگایەکی دەوڵەمەند لە "زانیاریی نەریتیی ژینگەیی"، زانیاریی نەریتیی ژینگەیی بەو کۆمەڵە زانیاریی، بڕوا و شێوەی ئیشکردنە دەگوترێت، کە لەلایەن کۆمەڵی خۆجێیی و ناوچەییەوە لەڕێگەی ئەزمونکردنی ڕاستەوخۆ و مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەدا، بەدرێژایی چەندین نەوە کۆبووەتەوە.**(Berkes, 2017)**

ئەم زانیارییانە، کە بە قووڵی لە فەرهەنگ، زاراوەکان، پەند و چیرۆکی کوردیدا ڕیشەیان داکوتاون، بریتیین لە کۆمەڵێک زانیاریی ورد، دەربارەی پۆلێنکردنی ڕووەک و گیانلەبەران، بەڕێوەبردنی ئاو و خاک، تەرزەکانی/جۆرەکانی ئاووهەوا و شێوازەکانی کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری. لەمڕووەوە، زمانی کوردی تەنها میراتێکی کلتوری نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیارییە، بۆ پاراستنی هەمەجۆری ژینگەیی و بەڕێوەبردنی سەقامگیری ژینگە، لە یەکێک لە گرنگترین ناوچە ئیکۆلۆژییەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا.

لەنێوچوون یان لاوازبوونی ئەم زمانە، بە واتای سڕینەوەی بەشێکی گەورەی ئەم زانستە کۆکراوەیە دێت و بەجۆرێکە، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە. هەروەکوو چۆن ئیکۆسیستەمی سروشتیی پێویستە پارێزگاریی لێبکرێت و ڕێگە بە پیسبوون و ژەهراوییوونی نەدرێت، پێویستی بە

ڕێکار و ڕێوشوێنی تایبەتە، ئاوەهایش زمان ئەگەری هەیە ژەهراویی ببێت بە ژەهری زمانی و دواجار ببێتەهۆی لاوازبوون و لەنێوچوونی **(بڕوانە: مەجید و سەرحەد، ٢٠١٩)**.

دواتر، ئەم لاوازییە، لاوازی کلتوری لێدەکەوێتەوە، وەکو پێشتریش باسکرا، ئەم پەیوەندی و کاریگەرییە دووسەرەیە؛ هەردووکیان (زمان و کلتوور) کاریگەریی پێچەوانەیان لەسەر یەکتر هەیە و بە لاوازبوونی هەرکامێکیشیان کاریگەرییان لەسەر ئیکۆسیستەم و ژینگە دەبێت.

**٢) زانیارییە ژینگەییەکان لەزمانی کوردیدا:**

زمانی کوردی بەشێوەیەکی دەوڵەمەند و بەوردەکارییەکی زۆرەوە، زانیاریی ژینگەیی لەنێو خۆیدا بە کۆدکردووە، ئەم زانیارییانەش دەکرێت لەسەر چەندین ئاستی جیاواز ببینرێت، لەوانەیش (لە فەرهەنگ و زاراوەکاندا، ئەدەبیاتی سەرزارەکیی و ...تاد).

**٢-١) لە فەرهەنگ و زاراوەکاندا:**

بازنەی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و وشەکانی زمانی کوردی ڕەنگدانەوەی ژینگەکەی خۆیەتی، ئەم دەوڵەمەندییە فەرهەنگییە، تەنها پێڕستێکی ڕوتی ناو و وشەکان نییە، بەڵکو سیستەمێکی پۆلێنکراوی ئاڵۆز و کردەیی نیشاندەدات. کە بە چەندین شێوە خۆی نمایشدەکات، لەوانە:

**٢-١-١) ڕووەکناسیی خۆماڵیی[1]:**

زمانی کوردیی بۆ ناولێنانی ڕووەک و گژوگیا جیاوازەکان، نەک تەنها ناوی جۆراوجۆری هەیە، بەڵکو ئەم ناولێنانانە بەزۆری لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە کردەییەکانی وەکوو (خۆراکی، دەرمانی/چارەسەری، ژەهراویبوون) یان لەسەر بنەمای قۆناغەکانی گەشە وەکوو (نەمام، دەوەن/بنچکەگیا ،درەخت)، یانیش لەسەر بنەمای ناوچەی ڕوانی ڕووەک و گژوگیاکە وەکوو(کێوی، ئاوی، دەستکرد) پۆلێنبەندیی کردووە. بۆنموونە گیایەکی وەکوو جۆرەکانی "قارچک" **(بڕوانە: وێنەی ژمارە ١)** و بەشە جیاجیاکانی چەندین ناوی وردی داناوە **(بڕوانە: وێنەی ژمارە ٢)**، هەروەها چەندانی تر لە گیا خۆراکییە بەهارییەکانی تر، کە هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک وشەی پەیوەست بە "شێوازی چنینەوە، ئامادەکردن و تایبەتمەندییە دەرمانییەکان"یانن. ئەم زانیارییە فەرهەنگیانە ڕێنماییکارێکی زانستییە، بۆ سوودوەرگرتنی سەقامگیر و جێگیر لە سەرچاوە گیاییەکانی ناوچەکە **(Pieroni, Ahmed & Zahir, 2017)**.

**٢-١-٢) ئیسنۆ-گیانەوەرزانی[2]:**

ناولێنانی گیانەوەرانیش لەلایەن ئاخێوەرانی کوردەوە بەوردەکارییەکی زۆرەوە کراوە. بۆنموونە، "جۆرەکانی مەڕ" پەیوەست بە تەمەن، ڕەگەزەوە و تەنانەت پێگەیان لەنێو مەڕەکان و مێگەلدا سود لە وشەگەلی جیاواز وەرگیراوە. ئەم وردەکارییەیش لە ناولێناندا ڕەنگدانەوەی گرنگیپێدانی ئەم گیانەوەرانەیە لە کلتوری ئاژەڵداری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا، کە نیشاندەری وردبینی و ئیکۆلۆژی مرۆڤی کورد کوردە. بڕوانە ئەو ناوانەی مرۆڤی کورد بۆ '**مەڕ**'ی داتاشیوە بەپێی قۆناغەکانی تەمەن، **بەرخ** *(بەنزیکەیی ١ ڕۆژ بۆ ٧ مانگ)*، **کاوڕ** *(٧ مانگ بۆ ١ ساڵ و نیو)*،

[1] - Ethnobotany
[2] - Ethnozoology



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**شەک** *(٢ ساڵ و نیو(نێر))*، **بەردیل** *(٢ ساڵ و نیو(مێ))*، **بەردیلەزا** *(ئەگەر زا بێت)*، **بەربوارد/قسر** *(ئەگەر نەزابێت)* و **مەڕ** *(دوای ٣ ساڵ(مێ))* و **بەران** *(دوای ٣ ساڵ(نێر))*.

**٢-١-٣) هەرێم و جوگرافیا:**

فەرهەنگی زمانی کوردی پڕە لە وشەگەلی تایبەت بە پەسنکردنی دیاردە هەرێمی و تایبەتمەندییە جوگرافیاییەکان. بوونی وشەی جۆراوجۆر بۆ جۆرە جیاوازەکانی بەفر، باران، با، تەم و تۆپۆگرافیای ناوچەکانی کوردستان وەکوو "کێو/چیا/کەژ، گرد، تەپۆڵکە، دۆڵ" تەنانەت بۆ بەشە جیاجیاکانی کێو ناوی تایبەت دانراوە، **(بڕوانە: وێنەی ژمارە ٣)**، ئەمەش بەڕوونی نیشاندەری مامەڵەی قووڵ و گرنگیدانی خەڵکە بە ڕەگەزەکانی کەشوهەوا و جوگرافیا. ئەم جۆرە وشانە ڕێگە بە مرۆڤی کورد دەدەن، تاوەکوو گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا پێشبینی بکەن و باشترین شوێن بۆ ژیانکردن، کشتوکاڵ و شوێنی مەڕوماڵاتەکانیان هەڵبژێرن **(بڕوانە: زارعی و دبیرمقدم، ١٤٠٣)**.

ئەم شێوازە لە دارشتنی زاراوەکاندا پێیدەگوترێت "پۆلێنکردنی فۆلکلۆریFolk Taxonomy". لێکۆڵینەوە لە گەشەی شێوازەکانی ئاژەڵداری و کۆچڕەوی لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان و بەپێچەوانەوە سەلماندویەتی، کە زمانی کوردی بۆ هەر قۆناغێک لە گۆڕانی کەش و ئاووهەوا، بۆنموونە دابەشکاریی جۆرەکانی '**بەفر**'دا چەندین ناوی وردی داتاشیوە:

*" **شڵێوە**'، واتە بەفر و باران پێکەوە ببارێت، '**پرووشە**'، واتە وردەبەفرێک لە ڕۆژێکی ساردا ببارێت، '**ژیلە**'، واتە وردەبەفر، '**کرێوە**'، واتە بەفر و با پێکەوە، '**ڕنوو**'، واتە بەفری کەڵەکەبوو کە با یان شتی تر هێنابێتی، '**پرزوو**'، واتە ڕنووەبەفری زۆر بچووک، '**کەستەک**'، واتە تۆپی بەفر کە لە بەرزاییەوە غل دەبێتەوە و گەورەتر دەبێت، '**بەفرخۆرکە**'، بەفرێکی نەرم و وردە لە کۆتایی بەهاردا بەسەر بەفری زستاندا دەبارێت و دەیتوێنێتەوە، '**شیخاڵ**'، واتە باریکە بەفرێک کە ئەمدیو و ئەودیوی توابێتەوە، '**بەفرەلوکە**'، واتە بەفرێکی خاوە کلوەکانی بە تەواوی نەیبەستووە، زوو دەتوێتەوە، '**ڕەشانگە**'، شوێنێک بەفری لێ نەبارێ یان بارێ و توابێتەوە، '**بەفرەبەسەر**'، واتە بەفرێک لەبەر سەرما ڕەق هەڵهاتبێ و بتوانیت بەسەریدا بڕۆی و قاچت نەچەقێت* **(بڕوانە: فەرهەنگەکانی هەنبانە بۆرینە، خاڵ، مەردۆخی)**.

زۆری و وردێتی لە دەستنیشانکردنی ئەم ناوانەدا، هەروا کارێکی لەخۆوە و ئاسایی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سەختیی ژینگەی کوێستانی زاگرۆسدا. بۆیە لەدەستدانی هەر وشەیەک لەم بوارەدا یەکسانە بە سڕینەوەی لاپەڕەیەک لە مێژووی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ ئیکۆسیستەمەکەیدا.

**٢-٢) ئەدەبیاتی سەرزارەکی:**

زانیاریی خۆجێیی ژینگەیی تەنها لە تاکە وشەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر لە دروستەی گەورەتردا وەک پەندەکان، چیرۆک و هۆنراوە سەرزارییەکاندا، چنراوە و هەڵگیراوە و گوێزراوەتەوە. ئەم شێوازە ئەدەبییانە، بەهاکان، نۆرمەکان/ڕێساکان و ئاکاری ژینگەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازنەوە.

**٢-٢-١) پەند و شیعر:**

زۆرێک لە پەندەکانی زمانی کوردی پڕە لە حیکمەتە ژینگەییەکان. بۆنموونە لە یەکێک لە پەندە جوانەکانی کوردیدا باسی سروشت و ژینگە دەکرێت، *''کانییەک، کە ئاوت لێ خواردەوە،*

*بەردی تێ فڕێ مەدە"*. ئەم پەندە سەرەڕای ئەوەی ئامۆژگارییەکی ژینگەییە و پاراستنی ڕەگەزێکی سەرەکی ژینگە لەخۆدەگرێت، کە 'ئاو'ە، لەگەڵ ئەوەیشدا بنەڕەتێکی ڕەوشتیی دەربارەی ڕێزگرتن لە سروشت و سەرچاوەگەلێک، کە ژیانی پێوە بەستراوەتەوە، دەخاتەڕوو. یان شاعیرێکی وەکو "مەلا ئەحمەدی قازی پێنجوێنی(١٩٢٠-١٩٨٣)" لە شیعرێکیدا بە ناوی **(پیرێک لە سوودەکانی زەوی)**دا، باسی گرنگی و پیرۆزی زەوی ئەکات و سوودەکانی ئەخاتە پێش چاو، تا مرۆڤی کورد ڕێز لەو شوێنە بگرێت و بیپارێزێت کە تیایدا ئەژی، ئەمەش یەکێکە لە چەمکە هەرە بنەڕەتییەکانی پاراستنی ژینگە، تیایدا دەڵێت:

*ئینجا ئەم خاکە کە وای لە سەری*
*بڕوانە لەبۆ سوود و سەمەری*

*ئەوەی پێویستە بۆ وەزعی بەشەر*
*لە نەوت و لە خوێ لە زیو لە زەڕ*

*لە فلزیات هەرچیت پێ ئەوێ*
*تێیدا مەوجوودە یەکت ناکەوێ*

*هەڵقوڵێنێ ئاو لەو بن بەردانە*
*هاژە هاژی لەو شیو و هەردانە*

*..............*

*تەڵا بوایە یا مس یا ئاسن*
*بێ کەڵک ئەماوە گاجووت و گاسن*

*ئەم «محصولات»ە لەم دەشت و شاخە*
*ئەم هەموو میوەی بێستان و باخە*

*بە ئاوی باران یا خود کانیاو*
*هەر یەک بە وەختێ بۆمان دێتە ناو*

*بە هۆی ئەوەیە کە زەوی خاکە*
*کەوابوو ئیتر بزانە کاکە*

*ئەم تەدبیر و تەرتیبە عالە*
*دەستووری خوای ساحێب جەلالە* **(بڕوانە: کتێبی خەزنەی جەواهێر، لە سایتی ڤەژینبووک https://books.vejin.net/ وەرگیراوە).**

هەروەها لە نموونەیەکی دیکەدا، شاعیرێکی وەکوو "شێخ سەلامی عازەبان (١٨٩٢-١٩٥٩)" لە شیعرێکیدا بە ناوی (ملەکەوە)دا دەڵێت:

*ئەی ملەکەوە بۆچی داماوی؟*
*بۆچی واکەوە و شین هەڵگەڕاوی؟*
*بۆ ڕەنگی خاکت لەروو بڕاوە؟*
*بۆچی سەوزەگیات لێ نەڕواوە؟*
*بۆچی ئاوەڵو شیوەڵو دۆڵی؟*



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

*بۆچی بێ دەنگی بۆچی وا چۆڵی؟*
*کوا سروە و شنەی هەوای شەماڵت؟*
*کوا هاژە و تاڤەی ئاوی قەت پاڵت؟* **(بڕوانە: دیوانی عازەبانی، ٢٠١٩، ل١٥٤).**
ئەم شیعرەش، کە بۆ شاخێک نووسراوە، تیایدا وەکو لاوانەوەیەکە بۆ پارچەیەک لە سروشت و ەرخەری ئەوەیە، کە مرۆڤی کورد چەندە ئاوێتەی سروشتی خۆیەتی و لە خەمیدایە و بە چاوی پیرۆز و گرنگەوە تەماشای دەکات.

**٢-٢-٢) داستان/ چیرۆک و ئاوازە حەماسییەکان:**

چیرۆکە فۆلکلۆری و ئاوازە حەماسییە کوردییەکان، وەک (بەیت، ستران، حەیران) بەزۆری لە پانتایی لە سروشتی زاگرۆس و بەسەر سروشت و ژینگەی سروشتی ناوچەکەدا گوتراون، یانیش وشە و دەستەواژەی ئەو سروشتەیان بەکارهێناوە. پەسنکردنی پڕ وردەکاریی دیمەنەکان، گژوگیا و گیانلەبەران لەم بەرهەمانەدا، نەک تەنها دەوڵەمەندیی بە داستان و چیرۆکەکان دەبەخشێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گرنگی ئەم ڕەگەزانە لە فەرهەنگی کوردیدا بە گوێی بیسەراندا دەداتەوە. پاڵەوانانی ناو ئەم چیرۆکانە بەزۆری زانیارییەکی قوڵی ژینگەیی و سروشتییان هەیە و بۆ مانەوە و سەرکەوتن سودیان لێ وەردەگرن.

بۆ نموونە لە داستانی فۆلکلۆری 'خەج و سیامەند'دا سروشت و ژینگە، شاخ و کێوەکان، ئاژەڵ، گوڵ و گیا گرنگی تایبەتیان پێدراون و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان مرۆڤ و ژینگەدا دەبینرێت. لە یەکێک لە بەیتەکاندا، ڕاستەوخۆ خەج و سیامەند و داستانی خۆشەویستییان تێکەڵ بە سروشت دەبێت؛ ئەم دوو خۆشەویستە گفتوگۆ لەگەڵ کێوەکان(کێلەسیپان) و ئاژەڵ و سروشت و ژینگەی کوردستان دەکەن.

*ئێوارەی بەهارێیە، ئێوارەی بەهاریێ؛"کێلەسیپان"ە سەری ئێوارێیە،*
*دوای بارانەی؛ کۆلکەزێڕینەی بە حەوایەوە لەلای ڕۆژهەڵاتێوە*
*دەرەنگێنێ و دەتروسکێنێ. خۆر بە ئاسمانی پیرۆزەی*
*کێلەسیپان""ەوە بەرەو ڕۆژئاوا بووەتەوە. تیژکەی زێڕینەی بەسەر ئەو*
*ریزەی زەرد و دەشت و تەلانە کەسک و ڕەنگینەی کوردستانی""دا*
*دەرژتەوە.*
*پنجی "وەنەوشە" و "خاوێ" و "هەڵاڵ" و "سوێسنێ" و "لاولاو" و*
*"بەیبوونی" تێکۆلیک هاڵاوە. زەویزار و کەژ و کێو سەریان وەک باخی*
*پەرێزی "بەهەشتی" ڕازاندووەتەوە.*
*کراسێکی گوڵ گوڵی کەسک و سوور، زەرد و ڕەنگینیان دەبەر ڕێزەی*
*دەچیا و زەردی "کێلەسیپان"ی کردووە.*
*کزە و سۆزەی شەماڵی سەر لە ئێوارێ لەلای شیو و ڕوبارێ بە*
*هاژن و شنە شن دێ؛ گەڵا و گۆکی دار و درەختان وا لار و لەنجە دەخا*
*و دەیانشنێتەوە((ژنێیتەوە))، گورژنی بای پرچ و کلکی دەسماڵ و*
*کۆلوانەی کیژۆلان، کابانی مەزنە ماڵان وەک ئاڵای پیرۆزی*
*بەختەوەران، وە لارە لار و فرکە فرک، دەخا و دەیشەکێنێتەوە* **(بڕوانە: میسری، ٢٠١٢، ل٦٢-٦٣).**

لەم پارچە دەقەشدا، کە لە داستانی "خەج و سیامەند"ەوە وەرگیراوە، بە شێوەیەکی ڕوون باس لە سروشت و ڕووەک و گوڵ و گیا کراوە و دەرخەری ئەوەیە، کە مرۆڤی کورد تەنها بەوەوە نەوەستاوە، کە لە پەند و شیعردا باسی سروشت بکات، بەڵکو لە داستان و ئەفسانەکانیشیدا سروشتی ئاوێتە و تێکەڵاوی باس و بەسەرهاتەکانی خۆی کردووە.

**٣) ئەو زیانانەی بەر ئیکۆسیستەمی زمانی کوردی دەکەون:**

ئیکۆسیستەمی زمانی کوردی، سەرەڕای دەوڵەمەندییەکەی لە ئاستی ناوەوە، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی و تاڕادەیەکیش لەسەر ئاستی ناوەوە ڕووبەڕوی چەندین هەڕەشەی جدی بووەتەوە، کە مانەوە و گەشەکردنی زمانەکەی خستووەتە ژێر مەترسییەوە.

**٣-١) فاکتەرە دەرەکییەکان/هەڕەشە دەرەکییەکان:**

زمانی کوردی بەشێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن ئاخێوەرانی کوردزمانەوە لە چوار دەوڵەتی (عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا)دا قسەی پێدەکرێت؛ لە هەر یەکێک لە ئەو وڵاتانەیشدا ڕووبەڕوی چەندین مەترسی بووەتەوە و فشار و سیاسەتی جیاواز و جۆراوجۆری بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**٣-١-١) سیاسەتی زمانیی و فێرکاریی:**

لە هەندێک لە بەشەکانی مێژوی هاوچەرخدا سیاسەتەکانی یەکسانیی کلتوریی و زمانیی لەم وڵاتانەدا بووەتەهۆی سنوردارکردنی یان قەدەغەکردنی سودوەرگرتن لە زمانی کوردی لە سیستەم و پرۆگرامەکانی فێرکردن، فەرهەنگەکانی دەوڵەت و میدیا فەرمییەکاندا**(Hassanpour, 1992)**. ئەم جۆرە سیاسەتانە زمانی کوردییان لە بوارە فەرمیی و پڕ بەکارهێنانەکانی کۆمەڵەوە خستووەتە پەراوێزەوە و کردویانە بە 'زمانێکی ماڵی' و بچوکیان کردووەتەوە. ئەم بابەتەیش وەها دەکات، کە نەوەی نوێ، زمانی زاڵ، واتە( عەرەبی، فارسی و تورکی)، وەکوو زمانی پێشکەوتن و سەرکەوتن وێنا بکات؛ حەز و خولیا و پاڵنەرێکی کەمتری هەبێت بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دایکی خۆی **(Skutnabb-kangas, 2008)**.

**٣-١-٢) فشارە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان:**

کۆچکردنی فراوان لە گوندەکانەوە بۆ شارە گەورەکان یەکێکی ترە لە فاکتەرە هەڕەشە ئامێزەکان لە دەوروبەرە چەند کلتورییەکانی شارەکاندا، زمانی کوردی لە ململانێکردن لەگەڵ زمانی سەردەست/زاڵ ڕووبەڕودەبێتەوە و بەزۆری بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەدەستدەدات. بۆنموونە ژمارەیەکی زۆری دایباب لەوانەیە بۆ خاتری دڵنیایی سەرکەوتنی منداڵەکانیان لە پرۆسەی خوێندندا، لە ماڵەوەیش هەر بە زمانی فەرمی(سەردەست) قسەبکەن، ئەم بارودۆخەیش سوری گواستنەوەی زمانیی نێوان نەوەکان تێکدەدات **(Fishman, 1991)**. ئەمە وەکوو ژەهرێکی زمانی وایە، کە نەک تەنها زنجیرەی نێوان نەوەکان تێکدەشکێنێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەییش دەبێت بە تێپەڕبوونی کات **(بڕوانە: مەجید و سەرحەد، ٢٠١٩)**.

**٣-١-٣) بەجیهانیبوون و تەکنۆلۆژیا:**

ئەگەرچی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەلی زۆر و نوێیان بۆ پەیوەندی و دروستکردنی ناوەڕۆک بە زمانی کوردی فەراهەم کردووە، لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی زمانە جیهانییەکانی وەکوو زمانی ئینگلیزی و زمانە فەرمییە ناوچەییەکان لە بواری دیجیتاڵیدا، ئاڵنگارییەکی جدییە. کەمی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی ستاندارد و سەرنجڕاکێش بە زمانی کوردی، وەهای کردووە بەکارهێنەرە گەنجەکان بەرەو بەکارهێنانی زمانانی تر بڕۆن.

## ٣-٢) هۆکارە ناوخۆییەکانی لەنێوچوون:

فشارە دەرەکییەکان دەرهاویشتەی تێکدەرانەی ناوخۆیی لەسەر دروستەی ناوەکی زمانی کوردی دروستکردووە، دیارترین لێکەوتەیش لەم ڕووەوە بریتییە لە 'پوکانەوەی زارەکان'.

### ٣-٢-١) مەترسیی لەنێوچوونی زارەکان:

زمانی کوردی لە کۆمەڵێک زاری سەرەکی وەکوو (کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خوارووە، گۆران) پێکدێت؛ زمانی کوردی چەندین شێوەزاری تریشی هەیە وەکوو (کەلهوڕی، لەکیی، زازاکیی). ئەم زار و شێوەزارانە خاوەنی تایبەتمەندی دەنگیی/فۆنۆلۆژیی، فەرهەنگیی و ڕێزمانیی تایبەت بەخۆیانن، هەندێک لەم زارانە، بەتایبەتی ئەوانەی، کە ئاخێوەری کەمتریان هەیە، یان فۆرمێکی نوسینی ستاندارد و بەهێزیان نییە، زیاتر ڕوبەڕوی مەترسی لەنێوچوون بوونەتەوە. بۆنموونە شێوەزاری هەورامی، کە خاوەنی پێشینەیەکی ئەدەبی دەوڵەمەندە، 'ئەدەبیاتی گۆران'؛ پەیوەست بە ئایین و دابونەریتە دێرینەکان، 'پیری شالیار'، بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوان و زاڵبوونی زاری کرمانجی ناوەڕاستەوە، لە بارودۆخێکی زیانمەندایە **(صفیعی و هاوکارانی، ١٤٠١).**

### ٣-٢-٢) پوکانەوەی زانیارییەکان لەگەڵ مردنی وشەکاندا:

بە لەناوچوون و مردنی هەر زارێک یان شێوەزارێک، تەنها کۆمەڵێک دەنگ و ڕێزمانێک لەنێو ناچن، بەڵکو بەشێکی تایبەتی زانیاری کلتوریی و ژینگەیی، کە لە ئەو زارەدا بە کۆد کراوە، بۆ هەمیشەیی لەنێو دەچن. دەکرێت زاراوەیەکی تایبەت بۆ جۆرە شێوازێکی کشتوکاڵ(داچاندن)ی پلەکانەیی/قادرمەیی لەکێوستانەکان(تراسیستەم)دا، یان ناوی گیایەکی دەرمانی، تەنها لە یەک زاراوەی دیاریکراودا بوونی هەبێت. لەنێوچوونی ئەم جۆرە زار و شێوەزارانە بە واتای لەنێوچوونی ئەو زانستە دێت. ئەم دیاردەیە پێی دەگوترێت 'پوکانەوەی زمانی-کلتوری Lingua-cultural erosion'، کە خەسارەت و زیانێکی قەرەبوونەکراوی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە **(Harrison, 2007).**

ئەم پوکانەوەیە تەنها لە ئاستی وشەدا ناوەستێتەوە، بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر "تێکچوونی ئیکۆسیستەم"ی ناوچەکە دەبێت. بۆنموونە، کاتێک شێوازی نەریتیی چاندن یان دەستنیشانکردنی گیادەرمانییەکان لەڕێگەی لەبیرچوونەوەی ناوەکانەوە لەبیردەچێت، کۆمەڵە خۆجێییەکان پەنا دەبەنە بەر شێوازی دەستکرد و کیمیایی زیانبەخش یان ڕەفتاری نەگونجاو، کە زیان لە خاک و بەرهەمی سروشتیی ناوچەکە دەدات. لە ئەنجامدا، لاوازبوونی زمانەکە خێراکەرێکە بۆ داڕمانی ژینگەی سروشتی.

## ٤) ستراتیژییەتی زیندوکردنەوە لەسەر بنەمای سەقامگیریی کلتوری:

شیکردنەوەی دۆخی هەنوکەیی، ئەوە نیشاندەدات، کە پارێزگاریکردن لە زمانی کوردی پێویستی بە ڕوانگەیەکی گشتگیر، فرە-ڕەهەند و پشبەستوو بە سەقامگیری کلتوری هەیە. ئەم ڕوانگەیە دەبێت، زیاتر لەم هەنگاوانەی، کە تائێستا نراوان، بڕوات و خۆی بە تواناکردن/بەهێزکردنی واقیعی کۆمەڵی ئاخێوەر لە بوارە جیاوازەکاندا خەریک بکات.

## ٤-١) ڕێکارە فێرکارییەکان:

فێرکردن سەرەکیترین بوارە بۆ زیندوکردنەوەی زمان، بەبێ گواستنەوەی فەرمی و دیار، هەوڵەکان لە تەواوی بوارەکاندا بێ کاریگەری دەبێت.

### ٤-١-١) ئەنجامدانی مۆدێلە فێرکارییەکانی زمانی دایک:

دەرچواندن و جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە پاراستنی زمانی دایک لە کوردستاندا، هاوشێوەی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی جیهان، کارێکی گرنگ و پێویستە. لەم سۆنگەیەشەوە، مۆدێلی جۆراوجۆر بەردەستن، وەکو 'پرۆگرامەکانی نقومکردن 'Immersion Programs'، کە تێیدا بەشێکی بەرچاوی وانەکان بە زمانی دایک دەگوترێنەوە، یان بەرنامەکانی 'دووزمانەیی گوێزەرەوە 'Transitional Bilingualism'، کە یارمەتی فێرخوازان دەدات، بەشێوەیەکی پلەبەندیی فێربوون بە زمانی فەرمی بگوازنەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە، ئەزموونی سەرکەوتوی زیندوکردنەوەی زمانەکانی وەکو 'وێلزی' لە بەریتانیا و 'مائوری' لە نیوزیلاند، ئەوە دەخەنەڕوو، کە سەرمایەگوزاری لە فێرکردندا، کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ پێچەوانەکردنی ڕەوەندی پوکانەوە و لەناوچوونی زمان **(Baker & Wright, 2017)**.

### ٤-١-٢) بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ستاندارد:

پێویستە بۆ هەر زار/شێوەزارێکی زمانی کوردی پەرتوکی قوتابخانە(پرۆگرامی وانەکانی خوێندن)، بابەتی هاوکاری فێرکاری و پرۆگرامی وانەیی ستاندارد و سەرنجڕاکێش ئامادە بکرێت، کە نەک تەنها وانەکان، بەڵکو کلتور و مێژوی کوردیش باس بکات و گرنگی تایبەتی پێ بدرێت.

### ٤-١-٣: ڕەچاوکردنی ئیکۆ-پێداگۆجی[٣]:

پێویستە سیستەمی پەروەردە بە شێوازێک دابڕێژرێتەوە، کە پەروەردەی زمانیی لەگەڵ پەروەردەی ژینگەییدا تێکەڵ بکات. داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بنەمای "ئیکۆ-پێداگۆجی" واتە هێنانی دەق، پەند و زاراوە ژینگەییە کوردییەکان بۆ ناو وانەکانی زانست و جوگرافیا و ئەدەب، تا خوێندکاران هاوکات لەگەڵ فێربوونی ڕێزمان و ئەدەبدا، فێری بەهاکانی پاراستنی ئیکۆسیستەمی ناوچەکەی خۆشیان ببن.

## ٤-٢) ڕێکارە میدیایی و تەکنۆلۆژییەکان:

لە دنیای دیجیتاڵیدا، ئامادەیی هەر زمانێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتی و میدیاییەکاندا، بۆ مانەوەی خۆی، پێوستییەکی گرنگە.

---

[٣] - Eco-pedagogy

**٤-٢-١) پارێزگاریکردن له میدیا کوردییه‌کان:**

دەبێت وڵاتان و ڕێکخراوه مەدەنییه نێودەوڵەتییەکان، پاڵپشتی دارایی و یاسایی له دامەزراندن و چالاکی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان، وێستگەی ڕادیۆکان، ڕۆژنامه و ماڵپەڕه سەربەخۆ ئاستبەرزەکانی زمانی کوردی و زاره جیاوازەکانی بکەن. پێویسته زمانی کوردی و زارەکانی وەکو زمانی ئاخاوتنی هەموو گەلانی جیهان، بوونی پارێزراو بێت؛ میدیا ناوخۆییه کوردییەکان بەتایبەتی، به بەرهەمهێنانی بەرنامەی سەرنجراکێش، وەکوو فیلم، زنجیره، دۆکیومێنتاری و بەرنامەی منداڵان، دەتوانن زمانی کوردی و بوارەکانی بەکارهێنانی کاریگەر و فراوانتربکەن.

**٤-٢-٢) فراوانکردنی ئامرازه دیجیتاڵییه‌کان:**

سەرمایەگوزاری له زمانەوانی کۆمپیوتەریدا بۆ زمانی کوردی کارێکی هەنوکەیی گرنگ و پێویسته. ئەم سەرمایەگوزارییه خۆی له دروستکردنی پلاتفۆرمی چێککردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئیملایی و ڕێنوس، کیبۆردی ستانداری کوردی بۆ هەموو زارەکان، پرۆگرام و ئەپەکانی وەرگێڕانی ئامێری، گونجاندنی زمانی کوردی لەگەڵ سیستەمه وەگەڕخەرەکانی وەکوو 'ویندۆز'، 'ئەندرۆید' و 'IOS'. هەروەها فراوانکردنی پرۆژەکانی وەکوو 'ویکیپیدیای کوردی' له هەردوو زاری سەرەکی (کرمانجی ناوەڕاست) و (کرمانجی سەروو) بەتایبەتی و دامەزراندنی کەناڵەکانی ئەرشیفکردنی دیجیتاڵی بۆ دۆکیومێنتکردن و پاراستنی زارەکانی زمانەکە، که له بارودۆخی لەناوچونن و ئەدەبیاته سەرزارەکییەکانیان هەنگاوێکی زۆر پێویسته (**Bird & Simons, 2003**).

**٤-٢-٣: فۆرمەلەکردنی 'ژیریی دەستکرد (AI)' له خزمەتی گەشەی زمانی کوردیدا:**

له سەردەمی نوێدا، دەبێت ئاراستەی توێژینەوەی زمانەوانیی کۆمپیوتەری کوردی، بەرەو پەرەپێدانی مۆدێله گەورەکانی زمان (LLMs) و دروستکردنی بنکەدراو/کۆرپەسی دەنگی و دەق (Corpora) دەوڵەمەند بۆ سەرجەم زارەکان، ئاراستەبکرێت. ئەمه دەستڕاگەیشتنی نەوەی دیجیتاڵ بۆ زانیارییه ژینگەیی و کلتورییەکان ئاسانتر دەکات و زمانی کوردی له گۆشەگیریی دیجیتاڵی Digital Language Extinction ڕزگار دەکات.

**٤-٣) ڕێکاره کۆمەڵاتی-مەدەنییه‌کان:**

زیندوکردنەوەی زمانێک پرۆسەیەکی (خوارەوه بۆ سەرەوه)یه؛ واته له ئاستی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەرەو چینەکانی سەرەوه و کاربەدەستان دەستپێدەکات، سەرکەوتنیشی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوه به بەشداری و هەماهەنگی کۆمەڵی خۆجێییەوه.

**٤-٣-١) بەهێزکردنی ڕێکخراوه مەدەنییه‌کان و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتمەند:**

پاراستنی ئەنجومەنه کلتورییەکان، دامەزراوه زمانەوانییەکان و ڕێکخراوه ناحکومییەکان، که له بواری فێرکردن و برەوپێدانی زمانی کوردیدا چالاکی ئەنجام دەدەن، دەکرێت کاریگەریی ئەم هەوڵانه چەندباره بکاتەوه. ئەم جۆره ڕێکخراوانه دەتوانن به بەڕێوەبردنی خولەکانی زمان، ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵی کلتوری، کۆڕی شیعری و پێشبڕکێی چیرۆکنوسیی، ژینگەیەکی چالاک و زیندوو بۆ بەکارهێنانی زمان لەلایەن کۆمەڵەوه بەدیبهێنن.

**٤-٣-٢: بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگەی گوندیی و کۆچەرەکان:**

لەبەرئەوەی سەرەکیترین پارێزەرانی زانیارییە نەریتییە ژینگەییەکان، ئاخێوەرانی ناوچە گوندنشینەکان و ئاژەڵدارانن، بۆیە پێویستە ڕێکخراوە تایبەتمەند و مەدەنییەکان پرۆژەی مەیدانی ئەنجام بدەن بۆ تۆمارکردن و دۆکیۆمێنتکردنی مۆنۆگرافی لەسەر زاراوە ئیکۆلۆژییەکان و پاراستنی مافی سەروەری مەعریفی کۆمەڵ، تاوەکوو ئەم زانیارییانە وەکوو سەرمایەیەکی کلتوری بەزیندوویی بمێننەوە.

**٥) تێڕوانینی ئایندە بەرەو یەکپارچەیی:**

نابێت پاراستنی زمانی کوردی وەکوو بابەتێکی جیاواز و تەنها سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەیەکی فراوانتر و وەکوو بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتەکانی گەشەکردنی سەقامگیریی و پاراستنی ژینگە لێکبدرێتەوە و هەژمار بکرێت.

**٥-١) گۆڕانکاری تەرزەکانی (پارادایم) لە دانانی سیاسەتی زمانیی و ژینگەییدا:**

وەها دەخوازێت، کە گۆڕانکارییەکی پارادایمی سەرەکی لەبارەی تەماشاکردنی هەمەجۆری زمانییەوە پێکبێت. زمانە خۆجێیەکان و کەمینەکان، نەک هەڕەشە نین بۆ سەر سەربەخۆیی نەتەوەیی، بەڵکو 'سەرمایە'ن و 'هەل'ی زێڕین بۆ دەوڵەمەندکردنی کلتوری و گەشەسەندنی سەقامگیری وڵات و نەتەوە. بە فەرمی ناساندنی هەمەجۆری زمانیی، وەکوو بەشێک لە میراتی نەتەوەیی و مرۆیی، بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ دارشتنی سیاسەتی پاراستن و گشتگیری گەلان دادەنرێت.

**دەرەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی ئیکۆ-زمانەوانی و شییکردنەوەی چەمکی سەقامگیریی کلتوری، گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرەنجامی جەوهەریی دەربارەی پێگە و بایەخی زمانی کوردی وەکوو میراتێکی ژینگەیی دانەبڕاو. توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست، کە زمانی کوردی تەنها سیستەمێکی نیشانەناسیی ڕوت یان ئامرازێکی سەرەتایی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو کۆگایەکی زیندوو، هەڵگر و پارێزەری هەزاران ساڵ 'زانیاریی نەریتیی ژینگەییە Traditional Ecological Knowledge – TEK'. ئەم زانیارییانە بەرهەمی پێکەوەژیان و کارلێکی بەردەوامی مرۆڤی کوردن لەگەڵ ئیکۆسیستەمی ئاڵۆز و تایبەتی چیاکانی زاگرۆس و جوگرافیای دەوروبەری، کە لە ڕێگەی دروستەی وشەکان، زاراوەکان و فۆلکلۆری سەرزارەکییەوە ئەرشیفکراون.

لەم سۆنگەیەوە، توێژینەوەکە دەریخست، کە 'هەمەجۆریی زمانیی Language diversity' و 'هەمەجۆریی ژینگەیی Biodiversity' دوو دیوی یەک چەمکی گشتگیرترن بە ناوی "جۆراوجۆریی زیندۆ-کلتوری Biocultural diversity". هەر جۆرە دارمان یان لاوازبوونێک لە سیستەمی زمانی کوردیدا "چ بە هۆی فاکتەرە دەرەکییەکانی وەکوو سیاسەتە زمانییە سەپێنراوەکان، پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی-ئابووری و جیهانگیری دیجیتاڵییەوە بێت، یان بەهۆی فاکتەرە ناوخۆییەکانی وەکوو پوکانەوە و لەنێوچوونی زار و شێوەزارە ڕەسەنەکان"ەوە بێت، ڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی لاوازبوونی سەقامگیریی کلتوری و لەدستدانی ئەو زانستە بێبەرامبەرەی، کە مرۆڤی کورد بۆ بەڕێوەبردنی سەقامگیریی ژینگە کۆیکردووەتەوە. بەدەربڕینێکی تر، ڕێژەی زانیارییە ژینگەییەکانی ناو زارێکی وەک کرمانجی سەروو، ناوەڕاست یان هەورامی و کرمانجی خواروو دەربارەی ڕووەک، گیانلەبەر و گیادەرمانییەکان، یان بەڕێوەبردنی ئاو و ناسینی

کەشوهەوا، وەکوو بەشێک لە میراتی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە بە فەوتانی شێوەزارەکان ئەو زانستەش بۆ هەمیشە دەسڕێتەوە.

لەڕوی گەشەپێدان و داهاتووەوە، توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پاراستنی زمانی کوردی ناکرێت پرۆسەیەکی دابڕاو یان ئارەزوومەندانە بێت، بەڵکو پێویستە بکرێتە ستوونێکی سەرەکیی تەواوی سیاسەتەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا. گەیشتن بەم ئامانجەش لەڕێگەی گۆڕانکاری لە پارادایمی ڕوانین بۆ زارەکانەوە دروستدەبێت؛ بە جۆرێک کە هەمەجۆریی زارەکانی زمانی کوردی وەکوو سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی کلتوری و ژینگەیی تەماشا بکرێن.

بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش، ڕێکارە پێشنیازکراوەکان دەبێت فرەڕەهەندبن؛ دەستپێکردن لە فێرکردنی زمانی دایک و جێبەجێکردنی مۆدێلە پەروەردەییە هاوچەرخەکان وەک "ئیکۆ-پێداگۆجی"، تا دەگاتە دروستکردنی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی ستاندارد، گەشەپێدانی زمانەوانیی کۆمپیوتەریی و ڕاهێنانی مۆدێلەکانی ژیریی دەستکرد بۆ خزمەتی زارە جیاوازەکان. لەهەمانکاتدا، بەهێزکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەشدارپێکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە گوندیی و خۆجێییەکان هەنگاوێکی ژیارییە بۆ گواستنەوەی ئەم میراتە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لەکۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، کە بەستنەوەی پاراستنی زمانی کوردی بە ئیکۆسیستەم و ژینگەی سروشتییەوە، تەنها هەوڵێک نییە بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، بەڵکو مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی کلتوری، پاراستنی هاوسەنگی ئیکۆلۆژی لە ڕۆژئاوای ئاسیا، و بەشدارییەکی شەرەفمەندانەیە لە پاراستنی میراتی هاوبەشی تەواوی مرۆڤایەتیدا.

**لیستی سەرچاوەکان:**


مەجید، محەمەد و سەرحەد، باخان (٢٠١٩): <u>ژەهری زمانی و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی(زمانی کوردی بە نموونە)،</u> گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٦(٣).

میسری، فوئاد مەجید (٢٠١٢): <u>شانۆگەریی خەج و سیامەند</u>، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

عازەبانی، شێخ سەلام (٢٠١٩)، <u>*دیوانی شێخ سەلام عازەبانی*</u>، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کاروان عوسمان خەیات، چاپی دووەم، سلێمانی. لە لاپەڕەی فەیسبوکی "شێخ سەلام عازەبانی" وەرگیراوە.

صفیعی، نادیا، بدخشان، ابراهیم، دهقان، مسعود و کرانی، اکرم(١٤٠١). <u>نقش عوامل اجتماعی در تنوعات واجی و واژگانی در زبان هورامی .گویش پاوە .براساس زبان‌شناسی اجتماعی تنوع‌گرا</u> .*فصلنامە مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران*. دورە ١٠، شمارە ٤، دی ١٤٠١.

زارعی، قدرت و دبیرمقدم، محمد. (۱٤٠٣). وضعیت کاربرد کردیجنوبی. گویش کرماشانی. در کرمانشاه: حفظ یا تغییر زبان؟ *فصلنامه زبان فارسی و گویش‌های ایرانی*. دوره ۹، شماره ۱، اردیبهشت ۱٤٠٣.

Baker, C. and Wright, W. E. (2017) *Foundations of Bilingual Education and Bilingualism*. 6th edn. Bristol: Multilingual Matters. ISBN 9781783097203.eric.ed+1

Berkes, F. (2017) *Sacred Ecology*. 4th edn. London and New York: Routledge. ISBN 9781138071490.routledge+1

Bird, S. and Simons, G. F. (2003) 'Seven Dimensions of Portability for Language Documentation and Description', *Language*, 79(3), pp. 557–582.

Fishman, J. A. (1991) *Reversing Language Shift: Theoretical and Empirical Foundations of Assistance to Threatened Languages*. Clevedon: Multilingual Matters.

Harrison, K. D. (2007) *When Languages Die: The Extinction of the World's Languages and the Erosion of Human Knowledge*. New York: Oxford University Press. ISBN 9780195181920.catalogue.nla.gov+

Hassanpour, A. (1992) *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985*. San Francisco: Mellen Research University Press.nli.org+1

Haugen, E. (1972) *The Ecology of Language: Essays by Einar Haugen*. Stanford: Stanford University Press.openlibrary+1

Hawkes, J. (2001) *The Fourth Pillar of Sustainability: Culture's Essential Role in Public Planning*. Melbourne: Common Ground Publishing.openlibrary+1

Mühlhäusler, P. (2003) *Language of Environment—Environment of Language: A Course in Ecolinguistics*. London: Battlebridge Publications.books.google+1

Nettle, D. and Romaine, S. (2000) *Vanishing Voices: The Extinction of the World's Languages*. Oxford: Oxford University Press.books.google+1

Pieroni, A., Ahmed, H. M. and Zahir, H. (2017) 'The Spring Has Arrived: Traditional Wild Vegetables Gathered by Yarsanis (Ahl-e Haqq) and Sunni Muslims in Western Hawraman, SE Kurdistan (Iraq)', *Acta Societatis Botanicorum Poloniae*, 86(1), Article 3519.

Skutnabb-Kangas, T. (2008) 'Kurds in Turkey and in (Iraqi) Kurdistan: A Comparison of Kurdish Educational Language Policy in Two Situations of Occupation', *Genocide Studies and Prevention: An International Journal*, 3(1), Article 5.digitalcommons.usf

Skutnabb-Kangas, T. and Phillipson, R. (eds.) (2022) *The Handbook of Linguistic Human Rights*. Hoboken: Wiley-Blackwell.onlinelibrary.wiley+2

UNESCO (2003) *Language Vitality and Endangerment*. Paris: UNESCO.ich.unesco

UNESCO (2003) *Convention for the Safeguarding of the Intangible Cultural Heritage*. Paris: UNESCO. Available at: UNESCO official text.ich.unesco+1

UNESCO (2009) *UNESCO Atlas of the World's Languages in Danger*. Paris: UNESCO.unesdoc.unesco+1

UNESCO (2021) *World Atlas of Languages*.

پاشكۆكان:




وێنەی ژمارە ١

جۆرەکانی قارچک، وەرگیراوە لە سایتی کوردسات




وێنەی ژمارە ٢

ناوی بەشەکانی قارچک، وەرگیراوە لە سایتی کوردسات




وێنەی ژمارە ٣

ناوی بەشە جیاجیاکانی شاخ، وەرگیراوە لە سایتی کوردسات